## International Theatre Institute ITI
**World Organization for the Performing Arts**

# پەیامی ڕۆژی جیهانیی شانۆ ٢٧ی ئازار، ٢٠٢١

## نوسەری پەیامەکە: هێڵەن میرەن، بەریتانیا

ئەکتەری شانۆ و سینەما و تەلەڤزیۆن

**Kurdish (Sorani)**

---

هێڵەن میرەن یەکێکە لە ناسراوترین و ڕێزلێنراوترین ئەکتەرەکان لە جیهاندا، بەهۆی نمایشە بەهێز و فرە چەشنەکانییەوە لە بواری شانۆ و سینەما و تەلەڤزیۆندا چەندین خەڵاتی وەرگرتووە، لەوانە خەڵاتی ئۆسکاری ٢٠٠٧ بۆ نواندنی لە فیلمی "شاژن" دا

**شانۆ**

هێڵەن میرەن دەستپێکی کارەکانی لەگەڵ شانۆی نیشتمانیی گەنجان بە بینینی ڕۆڵی کلیۆپاترا دەستپێکرد. دواتر لە مانچستەر وەك ئەکتەر دەرکەوت و لەوێشەوە چووە ناو کۆمپنیای شاهانەی شکسپیرەوە. پاش چوار ساڵی بەرچاو کارکردن بۆ ئەو کۆمپانیایە، بەتەواوی ئاراستەی هونەریی خۆیی لەو کاتەوە گۆڕی کە دەستی بە کارکردن کرد لە کۆمپانیاکەی دەرهێنەری بەناوبانگ پیتەر برووك "سەنتەری توێژینەوەی شانۆیی" وە لەگەڵیاندا گەشتی بۆ ئەفریقا و ئەمریکا کرد.

لەوکاتەوە ئیتر لە چەندین بەرهەمی شانۆییدا بەشداریی کرد، وێست ئێند، فرینج، کۆمپانیای شاهانەی شکسپیری و شانۆی نیشتمانیی و برۆدوەی لە ئەمریکا، لەو کارانەی بەشداری تێداکردن شانۆیی "مانگێك لە لادێ" کە تیایدا بووە هەڵبژاردەی خەڵاتی تۆنی و شانۆیی "سەمای مەرگ" کە بەرامبەر ئییەن مەکاڵن نواندی دەکرد.

لە بەرهەمەکانی داهاتووتریشی " دابەزینی ئۆرفیۆس بۆ بارگەی دەنمار"، " ماتەم دەبێتە ئەلێکترا" کە تیایدا هەڵبژێردرا بۆ خەڵاتی ئۆلیڤەر وەك باشترین خانمە ئەکتەر.

ساڵی ٢٠٠٩ گەڕایەوە بۆ شانۆی نیشتمانیی بۆ وەرگرتنی ڕۆڵی سەرەکی لە شانۆیی "فیدرا"ی نوسەری فەرەنسی جان ڕاسین و دەرهێنانی نیکۆلاس هیتنەر. ئەم کارە توانی مێژوو دروست بکات، چونکە بووە یەکەم بەرهەمی شانۆی نیشتمانیی کە ڕاستەوخۆ وێنەی بگیرێت و لە زۆربەی سینەماکانی جیهاندا پیشان بدرێت.

لە نوێترین نمایشەکانیشی لە شانۆی وێست ئێند لە لەندەن، ساڵی ٢٠١٣ جارێکیتر ڕۆڵی شاژن ئەلیزابێثی دووەمی بینییەوە لە شانۆیی "چاوپێکەوتن" لە نوسینی پیتەر مۆرگن و دەرهێنانی  ستیڤن دالدری.

بەم ڕۆڵە توانی خەڵاتی ئۆلیڤەر و هەروەها خەڵاتی وەتس ئۆن ستەیج وەك باشترین خانمە ئەکتەر بەدەست بێنێت. لە ٢٠١٥ دا نمایشی "چاوپێکەوتن" گوازرایەوە بۆ نیۆیۆرك و لەسەر شانۆی جێرالْد شینفێڵد نمایش کرایەوە و هێڵەن میرەن هێشتا هەمان ڕۆڵی دەبینی. بەوەش توانی خەڵاتی "تۆنی" بۆ باشترین خانمە ئەکتەر بەدەست بێنێت.

**فیلم و تەلەڤزیۆن**

جگە لە کارەکانی لە بواری شانۆدا، هێڵەن میرەن بە کارە ناوازەکانیشی لە سینەما و تەلەفزیۆندا زۆر ناسراوە.

ساڵی ٢٠٠٣ هێڵەن میرەن کرایە خانمی شاهەنشانشینی بەریتانیا.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ژیانی و کارە شانۆیی و سینەمایی و تەلەڤیزیۆنییەکانی و هەروەها کارە خێرخوازییەکانی دەتوانرێت لە وێبسایتەکەی خۆیەوە بەدەست بهێنرێت:
/http://www.helenmirren.com

وەرگێرانی پەیامەکە لە ئینگلیزییەوە لەلایەن ڕزگار حەمە ڕەشید،
دەرهێنەری هونەریی گرووپی شانۆی سکای

**Translated to Kurdish (Sorani) by Rzgar Hama**
**Artistic Director of Sky Theatre Group**